# (فەرهەنگی حاجی قادری کۆیی) و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە

زیاد ڕەشاد قادر




هەر کە زانیم کتێبێک بە ناوی (فەرهەنگی حاجی قادری کۆیی) چاپ و بڵاو بووەتەوە، هەم دڵخۆش بووم و هەم نیگەران. لە لایەکەوە کەمۆکەک نیگەران بووم، چونکە بەندە زێتر لە سێ ساڵ بوو خەریکی بەدوواداچوون و مانا لێکدانەوەی وشە و دەستەواژەکانی نێو هەردوو دیوانی حاجی قادری کۆیی و ئەحمەدی خانی بووم، بۆیە دەمزانی خۆ لە قەرەدانی ئەو مژارە، هەوڵ و ماندووبوون و گەڕان و پرسیار و شەونخونی زۆری گەرەکە، لەبەر ئەوە پرسیاری ئەوەم لەکن ورووژا، دەبێ نووسەری فەرهەنگەکە دەرەقەتی ئەو کارە گەورەیە هاتبێت؟ بڵێی توانیبێتی هەموو ئەو وشە عەرەبی و فارسی و ئیدیەم و زاراوە کلاسیکی و ئایینییانە، هەقی خۆیان پێ بدات و ورد شرۆڤەیان بکات؟ لەلایەکی دیکەشەوە فرە دڵخۆش بووم، چونکە وەهام دەزانی ئەرک و بەرپرسیارەتییەکی گەورەم لەسەر شان لاچووە، بەوەی بەڕێزێک بەر لە من شانی داوەتە بەر و ئەو ئەرکە جوانەی بە پایان گەیاندووە.

دڵخۆشییەکەم پتر بوو، کە زانیم فەرهەنگەکە هەم لەلایەن (پێشڕەوی سەید برایمی) نووسراوە– کە خۆی خەڵکی کۆییێیە – هەم مامۆستایەکی شارەزای وەک (عەبدولکەریم شێخانی) پێیدا چووەتەوە. نایشارمەوە ئەو دڵخۆشییەم تەمەنی ئێجگار کورت بوو، چونکە هەر ئەو هێوارەیەی کتێبەکەم بەدەست گەیشت، هەموو کار و مەشغەڵەتێکم وەلا نا و کەوتمە خوێندنەوەی، بەڵام ئەوەی چاوەڕێم نەدەکرد لە دووتوێی ئەو کتێبەدا، دیتم! خۆزگە ئەو هەموو هەڵە و کەموکورتییەی تێدا نەبا و ئەمنیش ناچار نەبووبام ئەو چەند دێڕەی لەسەر بنووسم. ئەگەر ڕۆحی حاجی و

وشە و کتێبخانەی کوردییش لەپێشتر نەبووبان لە خاترگرتنی هەوڵ و ماندوبوونی ئەم و ئەو، هەرگیز ئەو بابەتە ڕەخنەییەم بۆ بڵاوکردنەوە نەدەنووسی، بەهەرحاڵ بەشێکی تێبینییەکانم و دەستنیشانکردنی نەنگی و کێماسییەکان لەسەر فەرهەنگەکە لەم چەند پەرەگرافەی خوارەوە کورت دەکەمەوە.

هەرچەندە جگە لە پێشڕەوی سەید برایمی، کە نووسەری کتێبەکەیە، وەک لەپێشدا گوتمان م. عەبدولکەریم شێخانی پێیدا چووەتەوە، هەروەها بەڕێزێکیش کاری هەڵەچنی بۆ کردووە و سێ بەڕێزی دیکەش زانیارییان بە نووسەر داوە و کۆمەکیان کردووە، لەگەڵ هەندێش هەڵەی زۆری چاپ و ڕێنووسی تێکەوتووە، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەڵەی چاپ و ڕێنووس بۆ هەر جۆرە تێکست و هەر ڕشتەیەکی نووسین، لەکە و نەنگییەکە بە نێوچەوانی ئەو تێکست و نووسینەوە، بەڵام بۆ بابەتی قامووس و مانا لێکدانەوەی وشە و دەستەواژە، لەکە و نەنگییەکە زۆر گەورەتر و زەقتر دەردەکەوێت.

لەم فەرهەنگەدا هەر یەک لە وشەکانی (سامیری، عالەم، عارفێکی، مووسا، مەدرەسە، وەلێ، قەرار، بێ ڕوومەتن، پیر، تیر، تیژ، تەعەصصوب، دوڕ، تاریکی، تەسەوف...) بوونەتە (سامیر، عالم، عیرفانێکی، مووسی، مەدرسە، وەلی، بێ قەرار، بێ ڕوومتن، پییر، تییر، تییژ، تەعصصوب، دووڕ، تارکی، تەوسوف...). لەوەش سەیرتر لە یەک لاپەڕەدا کە مانای وشەی (تیر و کەوان) و (تیر و کەمان)ی نووسیوە، بۆ یەکەمیان یەک (ی)ی نووسیوە، واتە بە (تیر)ی نووسیوە، کەچی لە ئی دووەمیان کردوویەتی بە (تییر).

وشەی (چین)ی لە یەک لاپەڕەدا جارێک بە (چین) و جارێکیش بە (چیین)ی نووسیوە. پێچەوانەی ئەوەش لەباتی ئەوەی هەردوو وشەی (حوڕ) بەمانای (ئازاد/ سەربەست)، لە (حوور) بە مانای (پەری) بە جودا بنووسێت، کەچی بۆ هەردووکیان بە یەک جار نووسیویەتی (حور)!

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە ئێستا لە هەر جۆرە فەرهەنگێکدا پێویستە هەبێت، ئەوەیە یارمەتی خوێنەر بدات کە لە مانای هەر وشەیەک گەڕا، لە کەمترین ماوە و بە ساناترین شێوە بیدۆزێتەوە، ئەویش بەوە دەبێت فەرهەنگنووس وشەکان بەپێی ئەلفبای ئەو زمانە ڕیزبەند بکات، بەڵام لە (فەرهەنگی حاجی قادری کۆیی)دا لێرە و لەوێ خوێنەر لە گەڕان بەدوای مانای وشەکاندا ماندوو دەبێت، چونکە بۆ هەندێ وشە کە لە بنجدا عارەبین، فەرهەنگنووس بە ڕێنووسی عارەبی نووسیونی، هەندێکیشی بە ڕێنووسی کوردی. بۆ نموونە (بالبکا، بالجماه، بالصین، بالغدو، حتی حین، حضور، بالنفس) بەم شێوە و بە ڕێنووسی عارەبی نووسیون، بەڵام وشەکانی (بەصیر، بەعثەت، بەغدا، حوجرە) بە ڕێنووسی کوردی نووسیون. هەر یەک لە وشەکانی (تالیب، تەبیعەت، تەیر، تاعەت، تالیع و تاووس...) بە پیتی (ت) نووسراون و لەڕیزبەندی ئەو پیتە دانراون، بەڵام وشەکانی (تەڕاڕی، توور، تەواف...) هەم بە (ت) هاتوون، هەم لە (ظ) دا جێیان کراوەتەوە. وشەی (زاهیرا) هەم لە پیتی (ز) هەیە هەم لە (ظ). وشەی (زوڵم) بە پیتی (ز) هاتووە، بەڵام زوحا بە (ضوحا) نووسراوە.

هەموو ئەو وشە و دەستەواژانەی زێتر لە مانایەکیان هەیە، ماناکانیان نووسراون، ئەمە

بێ ئـەوەی ژمـارە (رقـم) بـۆ مانـای یەکـەم و دووەم و سـێیەم... دانرابێـت. وشـە هەیـە سـێ مانـای هەیـە، هـەر سـێ ماناکـەی نووسـراوە و بۆ هـەر مانایـەک چەند هاوواتـای هەیـە، لەنێوان هـەر سێ ماناکـەدا تەنیا وێرگوڵ هەیـە و بـەس.

فەرهەنگنـووس لـە بیـری چـووە، یـان بایەخـی بـەوە نـەداوە مانـای هەنـدێ وشـە و دەسـتەواژە بنووسێت، کە لـە دیوانـی (حاجـی)دا جارێـک، یان زیاتـر لـە جارێـک هاتـوون، لـە نموونـەی (ئازانـە، بەهـار، حاجـی، بێخـەوی، بـای سەرسـەر، چاوەکەم، چاتـر، خەمیـدە، کوردە ناموسـی، گەلـە، مینقارێ ئەجـەل)، هەروەهـا (حاکـم و حاکمانـی بابـان) لـە فەرهەنگەکـەدا هەیـە، بـەڵام (حاکمـی ئـەم مەسـئەلەیە) نییـە. (حەبـس و کەمەنـد) هەیـە، بـەڵام (حەبسـی زێـڕی زەمیـن) نییـە. (دڵشـکەن و دڵگەسـتە) هەیـە، (دڵخەسـتە) نییـە. (دیـار) هەیـە و (دیـاری) نییـە. لە بەرانبەریشـدا هەنـدێ وشـەی زێتـر لـە جارێـک بـەدوای یـەک، یـان لـە دوو لاپـەڕەی جـودادا دووبـارە نووسـیوەتەوە، لـە نموونـەی (بەیت، بێدار، بێشە، بێ نـەوا، تـەڕک، تەنـوور، ئەغیـار، تـوور، حەسـەن، دولبەر، دوشـمن، سـەما، کـەوا، گا....).

هەنـدێ وشـەش دیـار نییـە! بـۆ لـەم فەرهەنگەدا جێیـان کراوەتـەوە کـە حاجـی لـە تـەواوی شـیعرەکانیدا بـەکاری نەهێنـاون، لـە نموونـەی (خورمـا، خەرمـان). نووسـەر مانـای خورمـای لێکداوەتـەوە، پاشـان لەباتـی نموونەیـەک لـە شـیعری حاجـی، دێـڕە شـیعرە بەناوبانگەکـەی نالـی دەکاتـە نموونـە «دەخیلـت بـم نەخیلـی یـا ڕووتابـی/ وەهـا شـیرین و سـینە نـەرم و دڵ ڕەق».

هەندێـک وشـەی فرەواتـا هـەن، حاجـی بـە یـەک مانـا، یـان دووان بـەکاری هێنـاون، پرسـیار ئەوەیـە چ پێویسـت دەکات واتاکانـی دیکـەی ئـەو وشـەیە بنووسـرێت کـە حاجـی دوور و نزیـک بـۆ ئـەو مەبەسـتە بـەکاری نەهێنـاون. حاجـی وشـەی (زادە)ی بـە مانـای (وەچـە/ منـداڵ/ بەرهـەم...) بـەکار هێنـاوە، بـەڵام وشـەی (زاد)ی بە مانـای (خـۆراک و بژێـو) بەکار نەهێنـاوە وەک فەرهەنگنـووس ئامـاژەی پـێ داوە.

کە دێتـە سـەر لێکدانەوەی مانای وشـەی (ئەجەل) نووسـیویەتی: «وشـەکە لە بنجدا عارەبییە و بەم سێ واتایـە هاتـوون: مـردن/ مـەرگ، کات/ مـاوە، بەڵـێ/ ئـەرێ«، بـەڵام تەماشـای سـەرجەمی شـیعرەکانی حاجـی بکەیـت، دەبینیـت نێزیکـی حەفـت جـار ئـەم وشـەیەی بـەکار هێنـاوە و هـەر حەفـت جارەکەیـش هـەر بـە مانـای (مـەرگ/ مـردن) هاتـووە، نـەک دوو ماناکـەی دیکـە. بـۆ وشـەی (پاشـا)یش کـە حاجـی هـەر بـەم شـێوازانە بەکاری هێنـاون (عەبـد و پاشـا، میـر و پاشـا، ئەمیرێـک مـاوە پاشـایە، گـەدا و پاشـا)، کەچـی ئـەو بـە (پاسـەوانی دێ، پاسـەوانی شـا...) لێکـی داوەتـەوە، کـە هەرگیـز حاجـی بـەو واتایـە بـەکاری نەهێنـاوە.

لـە تـەواوی شـیعرەکانی حاجـی دا یـەک جـار وشـەی (فەسـاد) بـەکار هاتـووە، ئەویـش بـە مانـای (دەسـتدرێژی و ئەتککردن) هاتـووە، نـەک بە واتـای (گەندەڵـی). حاجـی کـە وشـەی (بەکـەڵ)ی بـەکار هێنـاوە، تەنـێ بـە واتـای (بەکەڵـک/ بەسـوود) بەکاری هێنـاوە، نـەک بـە مانـای (مانگـای تامـەزرۆ بـۆ جوتبـوون)، وەک لـە فەرهەنگەکـەدا هاتـووە. کە حاجـی لـە بەکاربردنـی وشـەی (کاڵەک)دا مەبەسـتی (کالـە و پێڵاوی چەرمـی) بێـت، زیادکردنـی مانـای (گنـدۆرە) بـۆ ئـەو فەرهەنگـە چ لازم! وشـەی (سـەرپەل) ڕەنگـە لـە حەفتـا و هەشـتاکانی سـەتەی ڕابوردوو وەک زاراوەیەکی سـەربازی و وەک پلەیەکـی پێشـمەرگایەتی بـەکار هاتبێـت، نـەک لای

حاجی، کە یەک جار لە دیوانەکەیدا هەیە و بە مانای (چوختی/ سێبەندی/ سەرەڕۆ/ بێشەرم) دێت. لە بەکارهێنانی وشەی (شاهەنشە)یشدا ئەوەندەی حاجی مەبەستی خودایە، مەبەستی (سەرۆکی سیاسی بەرفراوان...) نییە، وەک فەرهەنگنووس باسی دەکات.

ئادەم بابی (بنیادەم/ ئادەمیزاد)ە، نەک هاوواتای (بنیادەم/ ئادەمیزاد) بێ. دۆژ هاوواتای (دۆزەخ/ جەهەننەم)ـە نەک هاوواتای (ئاگر). وشەی (ئارام)، مانای (بێ قەرار) نییە، بەڵکوو (بێ ئارام) واتای (بێ قەرار)ـە. بۆ مانای وشەی (بانگ) نووسیویەتی «جاڕ، هاوار، فریاد، جاڕ، گازی»، وەلێ کە حاجی دەڵێ «بانگە ناقووسی...» دیارە مەبەستی بانگدان (آذان)ـە. لە یەکێک لە ماناکانی (لادێ)دا نووسراوە (دەشتنشین)، وەک دیارە مەبەست لە دەشتنشین ئەو کەسەیە کە لە دەشت ئاکنجییە، واتا لە لادێ نیشتەجێیە.

حاجی لە بەکاربردنی وشەی (خانی)دا، لە هەندێ شوێن مەبەستی (خانوو/ ماڵ/ شوێنی نیشتەجێبوون)ـە، لە هەندێ شوێنیش مەبەستی (ئەحمەدی خانی)یە، کەچی فەرهەنگنووس تەنێ مانای یەکەمیانی نووسیوە. وشەی (دوون) لای حاجی لە هەندێ شوێن بە مانای (دەنی، ناڕەسەن، سپڵە) دێت، وەک لە فەرهەنگەکەدا هەیە، بەڵام بە مانای (دووان، دوو دانە)ش حاجی بەکاری هێناوە و فەرهەنگنووس نەینووسیوە. وشەی (ڕووت) هەر بە مانای (بێ جلک/ بێ پۆشاک) نەهاتووە، بە مانای (ڕووی تۆ)ش هاتووە. (ڕوومەت) هەر بەمانای (کولمە/ گۆنا) نەهاتووە، بە مانای (شەرەف/ ئابڕوو)ش هاتووە. وشەی (قەڵات) هەر مەبەست لێی گەڕەکێکی کۆنی کۆیێ نییە، بەڵکوو لە هەندێ شوێن بە مانای (قەلعە/ قەڵات/ کەلی)یش هاتووە.

وشەی (کۆ)ش لای حاجی ژ بلی شاری (کۆیێ)، هەروەها بە مانای (چیا/ شاخ) و (کۆڵان/ ڕێگا)ش هاتووە، کەچی لە فەرهەنگەکەدا تەنێ یەکەمیان نووسراوە. وشەی (لەیل) لای حاجی هەم بەمانای (شەو) و هەم بە مانای (لەیلا/ یار) و (دولبەرەکەی مەجنوون) هاتووە، لە فەرهەنگەکەدا بە تێروتەسەلی ڕوون نەکراوەتەوە.

حاجی کە لە شیعرە بەناوبانگەکەیدا دەڵێ: «وتم بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتۆ بی و خودا»، فەرهەنگنووس بۆ مانای (ئەتۆ بی و خودا) هاتووە باسی ڕەچەڵەکی وشەی (توویا) دەکات و ئەوە دەخاتە ڕوو کە لە ئینجیل و قورئان و فەرموودەدا چۆن باسی داری توویا کراوە! یان لە لێکدانەوەی وشەی (کافر)دا بێ هیچ بۆنەیەک دێتە سەر جیاوازیی هەردوو پیتی (ک) و (گ) لە هەردوو وشەی (کورد) و (گورد)دا!

نووسەر دەڵێ: «حاجی (ژیشک) بە دیالێکتی خۆشناوەتی و کرمانجیی سەروو بەکاردێنێ»، ڕاستە حاجی چەندان وشەی کرمانجیی سەروو لە دیوانەکەیدا هەیە، وەک (بڵا، بەدەو، ڕوومەت = شەرەف و ئابڕوو، شا=شاد...)، بەڵام بەپێچەوانەوە لە کرمانجیی ناوەڕاست و بەدیاریکراوی لە بنزارەکانی بەری بابان و ڕۆژهەڵاتی کۆیێ ژیشک بەکار دێت، لە هەولێر دەبێتە (ژووشک)، لە باکووریش پێی دەڵێن (ژووژوو، ژیژوو). فەرهەنگنووس بۆ مانای (داری دنیا) نووسیویەتی (داری بەرهەمدار/ داری بەبەر)، وەلێ حاجی لەو دوو جارەی بەکاری هێناوە، مەبەستی (دارەتێ دونیایێ/ ماڵی دونیا...)یە.

لەکن هەمووان ڕوونە لە شیعری (لە جوملەی ماجەرای)دا، حاجی لەگەڵ (کاکە فەتتاح)

ناوێک پێکەوە داەنیشێت و نامەشیعرییەکەی بۆ (مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە) دەنووسێت، نەک (نامە بۆ برادەرەکەی کاکە فەتتاحی کۆیی بنووسێت) وەک فەرهەنگنووس نووسیویەتی.

فەرهەنگنووس مانای وشەکانی (ئەژدەر) و (ئەنگوست) دەنووسێت، کەچی نموونەی شیعریی دێنێت کە وشەی (ئەژدیها) و (ئەنگوستەچاو)ی تێدایە. بۆ مانای وشەی (ئەلبەتە) لە یەک کاتدا دەنووسێت بەمانای (بێگومان) و (پێدەچێ و لەوانەیە)ی هەیە، ئێ دیارە ئەلبەتە بە مانای (بێگومان) دێت، بەڵام بە مانای (پێدەچێ، ڕەنگە و لەوانەیە) نایەت و (حاجی)ش لە هیچ شوێنێک بەو مانایە بەکاری نەهێناوە. وشەی (جوانی) حاجی تەنێ بە واتای (شۆخی/ شەنگی/ قەشەنگی) بەکاری هێناوە، نەک بە مانای (جوانوو/ جوانووی ماین).

حاجی لە هەموو دیوانەکەیدا یەک جار وشەی (چووک)ی بە مانای (گچکە/ بچووک) بەکار هێناوە و دوور و نێزیک نە مەبەستی (ئالەتی نێرینە) و نە هیچ پێوەندیی بە کلچووک و کلەوە هەیە، وەک نووسەر بۆی چووە! حاجی یەک جار وشەی (خاک و خۆڵ)ی بەکار هێناوە، کە مەبەستی (ئاخ و گڵ)ـە و هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ زێدی لەدایکبوونی نالی. هەرگیز حاجی وشەی (خان)ی بە مانای (خانم/ خان و مان/ سەرەژن) بەکار نەهێناوە. حاجی لە تەواوی دیوانەکەیدا دوو جار وشەی (مێخ)ی بەکار هێناوە، کە هەردوو جارەکە لەگەڵ وشەی شێخ هاتووە، واتە هەر دووپاتکردنەوەی وشەی (شێخ)ـە وەک چۆن دەگوترێت شیعر و میعر، فەرهەنگ و مەرهەنگ، بۆیە بە مانای (بزمار) نەهاتووە، وەک لە فەرهەنگەکەدا هەیە. دیار نییە لە کام شیعری حاجی دا وشەی (هەستە) بە مانای (ناوکەمەنی) هاتبێ. (هەمزە) جگە لەوەی دوا پیت نییە لە پیتەکانی عارەبیدا وەک فەرهەنگنووس بۆی چووە، هەروەها بەڕاست لە کێهە شیعری (حاجی)دا مەبەست لێی ناوی (حەمزە) بێ و کورد کردبێتی بە هەمزە.

لە هەندێک شوێنی فەرهەنگەکەدا، فەرهەنگنووس وەک زێدە زانیاری بە خوێنەر دەڵێت کە بۆ یەکەمین جار حاجی ئەو وشە، یان زاراوەیەی بەکار هێناوە، کەچی کە بەدواداچوونم بۆ هەندێکیان کرد، دەرکەوت ئەو زانیارییانە وەکوو پێویست ورد نین، بۆ نموونە وشەی (معاش) بەپێی ئاگاداریی ئێمە هەر یەک لە (فەقێ تەیران و نالی...)یش بەکاریان هێناوە. فەرهەنگنووس دەڵێ: «دەکرێ حاجی بە یەکەم شاعیر بناسین کە زاراوەی (ساحیب پەیام)ی باس کردووە»، بەڵام تەنێ لەکن (خانی)دا، زێتر لە بیست جاران وشەکانی (ساحیب ئیدراک، ساحیب مەهارەت، ساحیب هونەر، ساحیب مەعنا، خودان کتێب، خودان سیاسەت و... تاد) بەکار هاتووە.

فەرهەنگنووس دەڵێ: «زاراوەی ئاگرپەرست لە شیعری کلاسیکی کوردیدا هەر لە دیوانی حاجی قادری کۆیی دا هەیە»، بەڵام مەلایێ جزیری چەند جارێک وشەی (ئاتەشپەرەست) کە هاوواتای ئاگرپەرستە، بەکارهێناوە. دەنووسێت: «حاجی یەکەم شاعیرە، کە ناوی ڕۆژنامە و جەریدەی هێنابێ»، بەڵام فەقێ قادری هەمەوەندی دەڵێ: «واقیعەی ئەتراف، ڕۆژنامەی ئەخبار/ یەکیەک پەی سوڵتان کەردەبێ ئیزهار»، کە دوور نییە پێشی حاجی ئەو شیعرەی نووسیبێت. نووسراوە: «پێدەچێ حاجی یەکەم شاعیر بێ، کە زاراوەی (ناتەبایی) باس کردبێ»، بەڵام زووتر خانی و نالی وشەی (تەبایی)یان بەکار هێناوە. نووسراوە:

«حاجی بە یەکەمین شاعیر دادەنرێ کە دەقی (ناوونیشان)ی لە دەقێکدا ناو هێنابێ»، وەلێ پێشی حاجی ژمارەیەک شاعیر و نووسەری دیکە ئەم وشەیەیان بە شێوەی (نام و نیشان) و (ناڤ و نیشان) بەکار هێناوە.

هەموومان دەزانین حاجی باسی پێشکەوتنی ئەوروپا دەکات، فەرهەنگنووس وەک هەر وشەیەکی نێو دیوانەکەی حاجی، ڕاڤەی وشەی ئەوروپا دەکات، بەڵام ئەوەی سەیرە دەڵێ: «ڕووبەری ئەوروپا (١٨٠ ,١٠) کیلۆمەتر دووجایە»! نالی دەفەرموێ «یاری غەمی جان ئەبرۆتی تیر و کەمان کرد/ یەعنی قەدەکەی ئەلفی منە ئێستەکە دالم»، (حاجی)ش دەڵێ: «دالی قەدم کە ئەلفی عەسای گرت بەدەستەوە/ تیر و کەمانی جەوانیم گرت بەدەستەوە»، کەچی لەم فەرهەنگەدا (دالی قەدم) کراوە بە (دالی قەدەم)، لەوەش سەمەرەتر، واتاکەی نووسراوە (پێ، پا، هەنگاو...).

حاجی نێزیکەی حەفت جار وشەی (دز)ی بە (دز و دەیدزێ و دزیی ڕۆژ و دز نییە)ی بەکار هێناوە، لە هەر هەموویاندا، مەبەستی (ڕێگر، چەتە، قۆڵبڕ و ماڵبڕە)، کەچی فەرهەنگنووس (ئەبابۆز، قەڵا، کەلە)ی نووسیوە. لە ڕاڤەی ئەو دێڕەدا کە حاجی دەفەرموێ: «بێ مینەتە گەر خوانی وەلی نیعمەتی حاجی/ ئەم شێخە چییە، قونچکی پیوازە، سەری سیر»، فەرهەنگنووس دەڵێ: «ئەو شێخە چییە نە خوانەکەی قونچکو پیازێکی تێدایە، نە سەلکە سیرێک» ئەمە لە کاتێکدا زۆر ڕوونە لە نیوەی دووەمی بەیتەکەدا حاجی باسی شێخ دەکات، نەک خوانەکەی.

فەرهەنگنووس بۆ مانای (فرووج) دەنووسێت (فەرخە، بێچوو)، بۆ مانای (فەرخە)ش دەنووسێت (جووچک، جووجەڵە...)، چەندە ڕاست دەبوو ئەگەر ڕێک پێچەوانەی کردباوە.

خۆ لەقەرەدانی فەرهەنگێک بۆ شاعیرێکی وەک حاجی چەندە شارەزابوون لە مانای قاموسیی هەر وشەیەکی پێویستە، هەروەها دەبێ فەرهەنگنووس لە فەرهەنگی کلاسیک و کلاسیکی کوردی بەتایبەتی و پەند و ئیدیەمی کوردی و ئەو ناوچەیەی حاجی لێی ژیاوە بەدوواداچوون بکات، هەروەک هەندێک زاراوەی ئایینی و لەنێویشیدا ئیسلامی ورد لێی بکۆڵرێتەوە، لە هەمان دەمدا هەندێک ناو و کەسایەتی مێژوویی و سیاسی و ناوی هەندێ شار و شوێن و سەربوردەی داستان و ئەفسانەکانیش دیراسەی قووڵی بکرێت، دەنا دەکەوینە هەڵەی گەورەوە، فەرهەنگنووس لە لاپەڕە (٢٩)دا دەڵێ: «ئەبوو زەڕی غیفاری تاکە ئەسحابەی پێغەمبەر بووە، کە هەژار بووە...»، ئەمە بێ ئاگا لەوەی کە هەر یەکە لە (ئەبوو هورەیرە، عەمماری کوڕی یاسر، بیلالی کوڕی ڕەباح، سەلمانی فارسی و صوهەیبی ڕۆمی و چەندانی دیکەش) لە ئەسحابە هەژارەکان بوون. بۆ وشەی (ڕەحمان و ڕەحیمیش) هەر وشەکانی (بەخشندە، میهرەبان، دلۆڤان...)ی ڕیز کردوون، بێ ئەوەی ئەو شرۆڤە ئایینییەی بنووسێت کە دەڵێ: ڕەحمان میهر و دلۆڤانیی خودایە بۆ دنیا و بۆ ئاخیرەت، لە هەمان دەمدا گشتگیرە بۆ هەموو مەخلووق، بەڵام ڕەحیم تایبەتە بە بەندەی بڕوادار.

نازانم لە کام سەرچاوەوە هێناویەتی کە «قاروون کوڕە مامی حەزرەتی عیسایە»، بەڕاست قاروون و عیسا لە یەک سەردەمدا ژیاون، چما عیسا مامی هەبووە تا قاروون ببێتە ئامۆزای! فەرهەنگنووس پێناسەی

(لوقمان) دەکات، کەچی لەپڕ دەڵێ «ناسراوە بە ئەییوبی ئارام»! هەر لەم فەرهەنگەدا (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) بووەتە (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرەوانی).

فەرهەنگنووس لە لێکدانەوەی وشەی (سابلاغ)دا دەڵی لە (١٩٤٥-١٩٤٧) پایتەختی کۆماری کوردستان بووە، لە کاتێکدا تەمەنی کۆمار کەمتر لە ساڵێک بووە کە لە کۆتاییەکانی مانگی (١)ی (١٩٤٦) تاکوو ناوەڕاستی مانگی (١٢)ی هەمان ساڵ بووە. تەکیەلانەی دەروێش و مریدانی نەقشبەندی نییە، وەک فەرهەنگنووس باسی دەکات، بەڵکوو ئی قادرییەکانە، نەقشبەندییەکان خانەقایان هەیە.

ئیدی بە هەمان شێوە لە تۆمارکردنی ساڵی کۆچی دوایی نالی و ماوەی ژیانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و لێکدانەوەی مانای وشەی (میسرەع) دەکەوێتە هەڵەوە.

حاجی هەندێ پەند و ئیدیەمی کوردی بە شێوەیەکی جوان لە شیعرەکانیدا تەوزیف کردوون، هەندێکیان ڕەنگە هەر لە کۆیێ و هەولێر، یان تەنێ لە کۆیێ لە کاتی خۆیدا بەکار هاتبن، بەڵام نووسەری فەرهەنگ کە خۆی کۆییە، وەکوو پێویست هەقی ئەو دەستەواژە و ئیدیەمانەی نەداوە، لە نموونەی (گای بنە، بەنی موو، کەرمیز، نۆ بێتە سەر دەی، ئاسنی سارد و... تاد).

لە هەندێک شوێن نووسەر لە مانا لێکدانەوەی نێو دیوانی حاجی دەردەچێت، هەندێک وشەی خۆی گوتەنی (ڕووتەمەنی) دێنێتە نێو قسان، بۆ نموونە حاجی دەڵێ: «گوێ لە واعیز مەکە ئەمشەو تەک و تەنیا وەرە لام»، پێشڕەوی سەید برایمی دەڵێ: «شەو پانتایی و بوارێکی ڕووتەمەنییە، کە ڕەفتاری ڕووتەمەنیانەی تێدا ئەنجام دەدرێ»! ئیدی لەسەر ڕێتمی سووتەمەنی و شیرینەمەنی و چاپەمەنی، کۆمەڵێک زاراوەی دیکەی لە وێنەی ناوکەمەنی و مەستەمەنی... بێ هیچ بۆنە و بەهانەیەک دێنێتە نێو قسان!ئەوەتا لە شرۆڤەی (عوششاقی بێ غەم) دەنووسێت: «عاشقێکی بێ خەم بێ، واتە لە مەسەلە ڕووتەمەنییەکان پەکی نەکەوێ». ئەمەو ڕستێک هەڵەی زەقی دیکە، کە هەر کەسێک بیخوێنێتەوە گومان دەکا ئەو کتێبەی چاپ بووە هەمان ئەو نوسخەیە بێت کە پاکنووس کرابێت و پێداچوونەوەی بۆ کرا بێت.

لە کۆتاییدا بەو ئومێدەم فەرهەنگنووس ئەو چەند سەرنجەم بە سنگێکی فراوانەوە لێ وەربگرێت و هەوڵ بدات نوسخەی ئەو چاپەی لەهەر کوییەک هەبێت کۆی بکاتەوە و ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی بگرێت، تا لە چاپی دووەمیدا پێداچوونەوەیەکی پشوودرێژتر و وردتر و زانستیتری بکات، ئەوجا ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی بدات. ئەمە وێڕای دەستخۆشی زۆرم لەو بەش و برگانەی کە نووسەر جوان پێکاویەتی و ڕاڤەی ڕوونی بەشێکی ئەو وشە و زاراوانەی نێو دیوانی حاجی کردوون، کە بە ئەرکی ئەو نووسینە نەزانرا لێرەدا بخرێنە ڕوو.